# دەستەڵات و مادەهۆشبەرەکان

ئامادەکردن و نووسینی : ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com

دەکارهێنان و رووکردنە مادەهۆشبەرەکان، دیاردەیەکە گەلێ خەسار و زیانی جەستەیی،دەروونی،خێزانی،جڤاکی و ئابووری لە شوێنە،تا بەو ڕادە مرۆ تووشی کێشەیەکی هەرەقەتی لەباری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەوە دەکات.

بە درێژایی دیرۆک ، لە وڵاتانی نائازاد و بە سیستەمی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەوە یەکێک لە ڕێگەکانی مانەوە لەسەر دەور و درێژەی دەستەڵات و حوکم کردن بەسەر جەماوەردا، گیرۆدەکردنی کۆمەڵ بەگشتی و بەرەی لاو بە تایبەتی بە تووش مادەهۆشبەرەکانەوە بووە.

کاتێ ڕژێمەکانی نادیمۆکراتیک و دیکتاتۆر ناتوانن بە شێوەیەکی بەرانبەر و یەکسان، دابینی نیاز و پێداویستی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکەن و هەلی کار و چالاکی و خەبەتن بۆ هەمووان یەکسان نابێت و ئازادی لە هەموو بوار و بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بەرتەسک دەکرێتەوە و ڕێژەی بێکاری لە ئاستێکی باندایە و کۆمەڵگە بەدەس گرانییەکی کوشندەوە نالانە و هیچ ڕێگە چارەییەکیشی بۆ نابینرێتەوە، بەداخەوە بەدەس خودی ئەو جۆرە ڕژێم و حوکوومەتانەوە دیاردە و پەتای ماڵکاولکەری مادەهۆشبەرەکان لە نێو کۆمەڵگەدا برەوی پێ دەدرێ . چونکە لای ئەو چەشنە ڕژێمانە، وریایی و وشیاری و بێداربوونی کۆمەڵ خاسما بەرەی لاو، هۆکار و فاکتەرێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لای دەزگە و سیستەمەکانیان. هەر بۆیە ئەوان بە بڵاوکردنەوە و برەوپێدان بەو جۆرە مادانە لە نێو کۆمەڵدا ،هەستی ڕابوون و بزاوت و چالاکی لە بەشێکی زۆری کۆمەڵدا دەکوژن و بۆ خۆ سووک و ساناتر دەکارن درێژە بە دەستەڵاتی ملهوڕانەیان بدەن.

ئەم بابەتە، سووکە ئاوڕێک دەداتەوە لە دیاردەی تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان لە نێو ئێراندا و لە ڕێی ئامارەوە دەیەوێ پەردە لە ڕووی گەلێ ڕاستی تاڵ لەو بوارەدا هەڵبداتەوە.

ئەمە ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە تا دێ ژماری تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکان لە ئێراندا ڕووی لە زێدەبوونە.بەڵام کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی بێشەرمییەوە ئەوە ڕەت دەکەنەوە و ڕادەگەیینن ئەم ڕەوتە لەچاو سەردەمی بەر لە شۆڕش، تۆفیرێکی ئەوتۆی نەکردووە.

لە زمان "ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم"،فەرماندەی هێزی ئینتیزامی یەوە ژماری تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکانی بەر لە شۆڕش و پاش شۆڕش، تۆفیری وای نەکردووە و ئەو ئەڵێ ئەم ڕێژە یەکسانە.ئەو هەروەها ئەڵێ: "یەک ملوێن و 200 هەزار کەس بە شێوەی هەمیشەیی و 700 هەزار کەسیش بە شێوەی جار ناجار و بۆ سەرگەرمی ،گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکانن و چەندەمان هەوڵ داوە بەرەنگاری ئەو دیاردە بینەوە ،پێمان نەکراوە".

داننان بە فەشەلی و شکستی هێنانی دەزگەکانی داپڵۆسێنەری ڕژێم لە بەرەنگاربوونەوەی مادەهۆشبەرەکان، بۆ خۆ ئاشکراکەری ئەو سێناریۆ تاڵەیە ساڵەهای ساڵ کاریان لەسەر کردووە و ساختەی دەس خۆیانە و تاقە ڕێی بەرەو ڕووبوونەوەی هەر چەشنە ڕابوونێکی جەماوەرییشیان لەوەدا بینیوەتەوە.

سەنتەری توێژینەوەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕژێمیش ڕادەگەیینێ:خەرج و بەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربە دەکارگرتن و مەسرەفی مادەهۆشبەرەکان لە ساڵا نزیکەی 11 ملیار و 700 ملوێن دۆلارە. ئەو سەنتەرە هەروەها ڕادەگەیینێ: سەرباری ئەو پارە زۆرە، ئەو دیاردە خەرجێکی قورسی

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دیکەشی خستۆتە سەر ئابووری ئێران. هەمان سەنتەر وێڕای ئاماژە بە پێشینە و مێژینەی خەباتی دژ بە مادەهۆشبەرەکان لە ئێراندا لە ڕاپۆرێکدا دەڵێ: پاش سەرکەوتنی شۆڕش ئەرچی لە ساڵا پتر لە 700 ملیار تمەن، خەرجی خەباتی دژ بە مادەهۆشبەرەکان کراوە بەڵام تا هاتووە توانا و دەستەڵاتی قاچاخچییان و ژماری تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکان ڕووی لە زۆربوون ناوە.کاربەدستانی حوکوومەت دەڵێن بەشێکی فرەی مادەهۆشبەرەکان لە ڕێی ئەفغانستانەوە دێتە ئێران و لێرەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهانیش دەکرێ.

ئەوەی تۆزێ لەو پرسە ورد بێتەوە و لەسەری تێفکرێ ،لای دەردەکەوێ ڕۆڵ و دەوری سەران و کاربەدەستانی ڕژێم و کاسبکارانی مەرگ کە دەس پەروەردەی خۆیانن ،لەو بەستێن و بوارەدا چەندە ڕوون و خۆیایە.

بەڵام ڕۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست" لە ڕاپۆرێک لە تارانەوە دەنووسێ: بە گوێرەی ڕاپۆری ساڵی 2005 ی ڕێکخراوی نەتەوەکان،ئێران ڕێکۆردی ژماری تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکانی لە جیهاندا لەدەسدایە،بەجۆڕیک سەتی نزیکەی سێی حەشیمەتی 70 ملوێنی ئەم وڵاتە گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکانن. بە پێی هەمان ڕاپۆر پاش ئێران، وڵاتانی موریتانی و قرقیزستانن. ئەو ڕۆژنامە پاشان ئاماژەی بە عەرد هەژەکەی "بەم" کردووە و دەنووسێ: یەک لە یارمەتییەکان بۆ ئەو شارە دەوای "مێتادۆن" بووە ،چونکە نزیکەی سەتی 20 ی خەڵکی ئەو شارە گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکان بوونە. هەمان ڕاپۆر دواتر ئاماژەی بە هەرزانی مادەهۆشبەرەکان لە ئێران لە بەر نزیکبوونی ئێران لە مەزراکانی چاندنی خەشخاشی ئەفغانستان کردووە.ڕاپۆرەکە ئەو ڕەوتە دەگەڕێنێتەوە بۆ باری ئابووری و دەڵێ: ڕووکردنە هێرۆیین لای لاوانی نائومێد و بێکار لە ئاستێکی باندایە.ڕاپرسی خودی دەوڵەت سەلمێنەری ئەوەیە سەتی 80 ی ئێرانییەکان بڕوایان ئەوە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بێکاری و تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکاندا هەیە،چونکە دەوڵەت لە توانایدا نییە ملوێنێ هەلی کار بۆ ئەو گەنجانەی ببینێتەوە کە هەموو ساڵێک ڕێیان دەکەوێتە بازاڕی کارەوە.

"ئازەرخش موکری"،بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە لەسەر مادەهۆشبەرەکان لە ئێران ئەڵێ: نزیکەی سەتی 20 ی خەڵکی ئێران بەجۆرێ گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکانن.

بەگوێرەی ئامار ئێستا لە هەر 100 هەزار کەسی ئێرانی ،3 هەزار کەس بەدەس مادەهۆشبەرەکانەوە ناڵانە. بەرپرسی بەشی فەرهەنگی و پێشگری لە نێو دەزگەی خەبات دژ بە مادەهۆشبەرەکان ئەڵێ: لە هەر سێ خولەکدا کەسێک(یەک کەس) تووشی مادەهۆشبەرەکان دەبێت. ئەو هەروەها ئەڵێ: هۆکاری سەتی 50 ی خەسارەکانی جڤاکی نێو کۆمەڵ، مادەهۆشبەرەکانن.ئەو بەرپرسە پاشان دەڵێ: بەدرێژایی 25 ی ساڵی پاش شۆڕش ، نزیکەی 2 ملوێن و 800 هەزار کەس لەبەر تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان گیراون و ڕەوانەی زیندان کراون.سەتی 70 ی تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکان خاوخێزانیان هەیە. ئەو پاشان ئەڵێ: بە پێی ئامار نزیکەی 4 تا 5 ملوێن و 300 هەزار کەس تووشبوو بە مادەهۆشبەرەکان لە ئێراندا هەیە.بەڵام ئامارێکی نوێ ئەڵێ: ئێران نزیکەی 4 ملوێن تووشبوو بە مادەهۆشبەرەکانی تێدایە.لە لایەکی دیکەوە فەرماندار(قائم مەقام)ی تەورێز ئەڵێ: لە ساڵا40 هەزار ملیار تمەن لە ئێرانداخەرجی مادەهۆشبەرەکان دەکرێ. ئەو هەروەها دەڵێ: نزیکەی 10 ملوێن ئێرانی بەدەس کێشەی تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکانەوە دەناڵێنن. ئامار دەڵێ: سەتی 55 ی تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکان لە ئێران وان لە نێوان تەمەنی 20 تا 45 ساڵیدا.

وەکی دەگوترێ خەسارەکانی سەر بە تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان، بەشەکانی جۆربەجۆری

فەرهەنگی، کۆمەڵایتی، بێهداشتی و ئابووری دەگرێتەوە.
لە خوارێ بوونی ئاستی خوێندەواری، نەخۆشییەکانی جەستەیی، کێشەکانی دەروونی و توانای خوار و نزمبوونی ئاستی توانای تاک لە گرینگترین هۆ و هەگەرەکانی تووشبوونی لاوان بە مادەهۆشبەرەکان دێنە ئەژمار.ئامار ئەڵێ: سەتی 93 ی تووشبووان بە مادەهۆشبەرەکان پێشتر جگەرەخۆر بوونە.
سەتی 50 ی تەڵاق لە ئێراندا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان. هەروەها ئامار دەڵێ: لە نێوان ساڵانی 1378 تا کۆتایی ساڵی 1382 ی هەتاوی نێزیکەی 8 هەزار قوتابی لە بەر تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان ،ڕەوانەی زیندان کراون. بەڵام ئامارێکی دی دەڵێ: لە ئێراندا 12 ملوێن کەس بەدەس مادەهۆشبەرەکانەوە دەناڵێنن. لە ڕۆژدا 4 تەن مادەی هۆشبەر مەسرەف دەکرێ.پتر لە ملوێنێکی تووشبووان تەمەنیان ژێر 20 ساڵانە. لە ڕۆژدا 10 تا 12 ئێرانی دەکەونە داوی مادەهۆشبەرەکانەوە. لە هەر کاتژمێردا 44 ئێرانی لەبەر تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان قۆڵبەست دەکرێن. ساڵی 1385 ی هەتاوی 3 هەزار و 426 کەس بە تاوانی تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان ڕەوانەی زیندان کراون.
ئەو خاڵە لە بیر نەکەین مادەهۆشبەرەکان یەک لە گرینگترین سەرچاوەکانی داهاتی ئابووری جیهان دێتە ئەژمار کە داهاتەکەی ساڵانە نزیکەی 1600 ملیار دۆلارە. سەتی 19 ی هەماری هێرۆیین و سەتی 5 ی هەماری حەشیشی دونیا لە ئێراندایە، هەروەها پتر لە سەتی 30 ی هەماری تلیاکی جیهان وا لە ئێراندا. قاچاخچییانی مادەهۆشبەرەکان لە ساڵا پتر لە 500 ملیار دۆلار داهاتیان هەیە.
تۆ بڵێی لە پشتەوەی ئەم هەموو سات و سەوداوە کێ بێت؟! ئایا گەر خودی سەرانی ڕژێم هاسانکاری پێویست لەو بوارەدا نەکەن کاسبکارانی مەرگ بەو چەشنە هاسان دەتوانن تا بەو ڕادە کۆمەڵ وەبەر خەسارەکانی ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرە بدەن؟! وەرامی ئەم پرسیارە و سەدان پرسیاری دی لە هەمان چەشن بێگومان نایە.
ئەوەی ئێستا ڕوون بێت کۆمەڵگەی ئەمرۆی ئێران بە شێوەیەکی هەمە لایەنە ئالوودەی ئەم پەتا بووە و سەرانی حوکوومەتیش وەک چەکێ کارا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەنجان دەکاری دێنن.ئەوەی جێی داخ و کەسەری فرە و فرەوانە تا دێ ژماری خوێندکاران و دەرچووانی زانستگەیی بە مادەهۆشبەرەکان ڕوو لە زێدەبوون دەنێ. هۆ و هەگەرەکانی ئەو پرسە گەلێ ڕوون و خۆیان.
ئەمرۆکە بەشێکی زۆری دەرچووانی زانستگەیی لە ئێراندا چ کار و پیشەیەکیان دەس ناکەوێ، بۆیە مەخابن زۆرێ لەوان ئەکەونە داوی ئەو مادەماڵکاولکەرانەوە. کەسیش لەو بواردا خۆی لێ ناکات بە خاوەن و ساحێب.
شار و شارۆچکە و گوند و لادێ لە ئێراندا شک نابەی بە ڕۆژ و حەوتە و مانگ و وەرز و ساڵ، دەیان و بگرە سەدان کەس لەبەر دەکارهێنانی ڕادەیەکی فرەی مادەهۆشبەرەکان گیانی خۆ لەدەس نەدەن. تۆ بڵێی کێ وەرامدەرەوەی ئەو هەموو چارەڕەشییە بێت؟!
ئەوە تابلۆیەکی ڕوونە لەو ڕاستییە تاڵەی کۆمەڵگەی ئەمرۆی ئێران بەدەستیەوە گیرۆدەیە و تا دێ هەمووانی تر دەبێت و بە سەت داخ و حەیفەوە بەرۆکی کوردستانەکەی ئێمەشی گرتەوە و ئەمرۆکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕیەتی لە تووشبوو بە مادەهۆشبەرەکان و خەریکە کۆمەڵ بەرەو هەڵدێر و نەهامەتی قورستر دەبات.

ئەمڕۆکە لە پشتەوەی بڵاوکردنەوە و برەوپێدانی مادەهۆشبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شوێن پێی سپای پاسداران، هێزی ئینتیتزامی،هێزی بەسیج،وەزارەتی ئیتلاعات و گەلێ گرووپی جۆربەجۆری دارەدەستی خودی ڕژێم دەبینرێ. ڕۆژ نییە لاوێکی کوردی ڕۆژهەڵات لەبەر تووشبوون بەم مادە کوشندانەوە گیانی خۆ لە دەس نەدا. تەنانەت زۆرێ لەو گەنجانەی کورد دەخرێنەوە گرتووخانە و بەندیخانەکانی ڕژێمەوە بۆ دەربازبوون لە باری ئەو گوشارە تاقەت پڕووکێنەی لەسەریانە پەنا دەبەنە بەر مادەهۆشبەرەکان و پاش بەینێ خۆ دەفەوتێنن.

تاڵتر ئەوەیە هەر لە ڕێگەی ئێرانەوە و بەداخەوە زێتر لە ڕێی شارەکانی سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە بە ڕۆژ و حەوتە و مانگ و ساڵ، بە هەزاران تەن مادەی هۆشبەر ئاودیوی ئەودیو دەکرێ و ئەمڕۆکە باشووری کوردستانیش وا خەریکە پیس گیرۆدەی ئەم پەتا ماڵوێرانکەرە دەبێت.

هەر ساڵی ئەمساڵ بوو ڕێککەوتننامەیەکی بە واتا ئاسایشی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و حوکوومەتی هەرێمدا مۆر کرا کە برگەیەکی ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی پێش بگرێ بە ڕەوتی ناردنی مادەهۆشبەرەکان بۆ باشووری کوردستان.

ئومێدە هەم جەماوەری وریای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەمیش کاربەدەستانی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان بەوپەڕی وشیارییەوە ئاوڕ لەو پرسە بدەنەوە و هەروا سووک و سانا بەلایدا تێنەپەڕن. چونکە تووشبوون بەم مادە ماڵکاولکەرانە هەمە چەشنە گوڕ و تینێ لە کۆمەڵ دەستێنێ .

سەرچاوەکان بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم بابەتە:


1 ڕۆژنامەی "ئیعتیماد میللی"،دووشەممە 22 ی گوڵانی 1386 ی هەتاوی(12 ی مانگی مای 2007 زایینی)

2 ماڵپەڕی هەواڵی"شەریف نیوز"

3 هەواڵدەری کاری ئێران

4 هەواڵدەری خوێندکارانی ئێران

5 Farda news

6 gooya news

7 وتارێک بە ناونیشانی : ڕوو لە لاوان

8 ئێران ئێکۆنۆمیست

**پەیڤی کۆتایی: لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر پرسێکی هەرە گرینگی وەک مادەهۆشبەرەکان دیارە هەم لەوەردەسدا بوونی ژێدەر و سەرچاوەی پێویستی دەوێ و هەمیش وەخت و کاتی پێویست بۆ ئەو کارەی گەرەکە.**
**ئەوەی خراوەتە بەر چاوی خوێنەری هێژای کورد،سەتی یەکی ئەو شتەی دەگرێتەوە ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی ئێران و بگرە کوردستانیش بەدەستیەوە ناڵانە.**
**لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا ئاماری جۆربەجۆرت بەرچاو دێ کە لەبەر وەرگرتنیان لە سەرچاوەی جیاوازە.**

**تاران**

**26 ی گوڵانی 2707 ی کوردی**